کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-8-2007 21:08 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**گەورەیی خۆشەویستی ... خالد باران**

بەپرسیارێکی گەورە دەستم پێکرد
وەڵامێکی بچوکیشیان نەدامەوە
بەهەنگاوێك دەستم بە ڕێگە هەزار میلیەکەم کرد
بەپێوەندێکی دێرین قاچیان بەستمەوە
ئازیزەکەم تۆش وەکو من
سەرسامی هەڵوێستە دزێوەکانی
تۆش وەکو من بەزمانی مەجوڵی پەستی
تۆش وەکو من بەرەو رووی تەنگەبەراییەکان نارۆی
تۆش وەکو من حەزت لەدەشتی کاکی بەکاکیە
تۆش وەکو من تاریکستان ترساندوتی
وەرە با تادەمرین بەدوای وەڵامی پرسارێکدا بگەرێین
بۆدڵی بچوکی من وتۆ جێگەی دەریایەك خۆشەویستی دەبێتەوە؟
بۆ لەم دنیا فراوانەدا جێگەیەك خۆشەویستی من وتۆ نابیتەوە؟

www. kh. baran@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.